ئێمە ڕاوێژو زانیاری پێشکەش دەکەین

ڕۆژانی دووشەمە تاکو هەینی لە کاژێر 9-14

دانیمارکی و ئینگلیزی
ژماری تەلەفۆن 33735000

جگە لە دانیمارکی بەو زمانانەی خوارەوەش ڕاوێژو زانیاری پێشکەش دەکەین

بۆسنی/سربي/کرواتی
ژمارەی تەلەفۆن 33735233

کوردی و عەرەبی
ژمارەی تەلەفۆن 33735228

سۆماڵی
ژمارەی تەلەفۆن 33735311

ئوردو و پنجابی
ژمارەی تەلەفۆن 33735202

ئەگەری حەز دەکەیت زانیاری تایبەت بەخۆت و زانیاری دەربارەی بابەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەو ئەو یارمەتیانەی کە دەستەبەری دەکەی لەکاتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە، ئەوا پێویستە فۆڕمی زانیاری پڕبکەیتەوە کە لە سایتەکەمان دەبینرێت

**[www.atvendehjem.dk](http://www.atvendehjem.dk)**

هەروەها دەتوانی ئیملێلمان بۆ بنێری

**[atvendehjem@drc.ngo](mailto:atvendehjem@drc.ngo)**

DANSK FLYGTNINGE HJÆLP

Kurdisk/sorani



# دەربارەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە 2025

زانیاری بۆ پەناهەندەو کۆچبەرو خاوەن دوو ڕەگەزنامە دەربارەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە

DANSK FLYGTNINGE HJÆLP

## ئەگەر حەز دەکەیت بە ئارەزوومەندانە بگەڕێیتەوە بۆ وڵات

ڕێکخراوی دانمارکی بۆ یارمەتی پەنابەران ڕاوێژ پێشکەشی هاووڵاتیان دەکات دەربارەی گەڕانەوەی گەڕانەوە بۆ وڵات یان بۆ ئەو وڵاتەی پێشتر لێی نیشتەجێبون یان وڵاتێک کە کەس‌وکاری لێ نێشتەجێ بێت. پەناهەندەو کۆچبەرو خاوەن دوو ڕەگەزنامە (کە یەکێکیان دانمارکی و ئەوەی تر ڕەگەزنامەیەکی تر بێت) دەتوانن یارمەتی دارایی وەربگرن‌و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. دەستکەوتنی ئەو یارمەتیە پەیوەستە بە ماوەی نیشتەجێبوونت لە دانمارک هەروەها جۆری مافی نیشتەجێبوونەکەت.

ئەگەر حەز دەکەی زانیاری بەدەستبێنی دەربارەی گەڕانەوە بۆ وڵات و ئایا ئەو یارمەتیانە تۆش دەگرێتەوە، ئەوا پێویستە فۆرمی زانیاری پڕ بکەیتەوە لەڕێگەی ئەو لینکەی خوارەوە: www.atvendehjem.dk

## یارمەتیە دارایی‌یەکان

لەساڵی 2025 هەر کەسێکی هەراش واتا لە سەرووی 18 ساڵ دەتوانێت بڕی 161.012 کرۆن وەرگرێت تاکو ژیانێکی نوێ دەستەبەربکات لە کاتی گەڕانەوەی بۆ وڵات. منداڵی خوار تەمەن 18 ساڵ بڕی 49.107 کرۆن وەردەگرن.

ئەو یارمەتیە بە دوو بەش دەدرێت – بەشی یەکەم کە بریتیە لە بڕی 64.404 کرۆن بۆ هەر هەراشێک‌و بڕی 19.643 کرۆن بۆ هەر منداڵێک لەکاتی گەڕانەوە دەدرێت – بەشی دووەم کە بریتیە لە بڕی 96.608 کرۆن بۆ هەر هەراشێک و بڕی 29.464 کرۆن بۆ هەر منداڵێک دوای ساڵێک لەگەڕانەوە بۆ وڵات دەدرێت.

## یارمەتی جۆراوجۆر

- تێچووی گەڕانەوە
- گواستنەوەی کەل‌وپەلی تایبەت، یان یارمەتی بۆ کڕینیان لە وڵات
- کەل‌پەلی کارکردن و گواستنەوەیان
- بیمەی نەخۆشی بۆ ماوەی 4 ساڵ
- چارەسەری پزیشکی بۆ ماوەی ساڵێک
- کەل‌وپەلی پێویست
- یارمەتی خوێندن بۆ ماوەی 4 ساڵ بۆ منداڵان لەتەمەنی (5 تا 16) ساڵ.
- یارمەتی بەدەستهێنانی دۆکیومێنتی گەشتیاری

DANSK FLYGTNINGE HJÆLP

## ئەگەر تەمەنت گەیشتۆتە 55 ساڵ

ئەگەر تەمەنت گەیشتۆتە 55 ساڵ و ئارەزووی گەڕانەوەت هەیە بۆ وڵات ئەوە دەتوانیت بەدەر لەو یارمەتیانەی باس کران مانگانە یارمەتی دارایی لە دانمارک وەرگری.

لەهەندێ حاڵەتی تایبەتی ئەوکەسانەی کە تەمەنیان لەنێوان 50 بۆ 55 ساڵە دەتوانن مانگانە یارمەتی دارایی لە دانمارک وەرگرن.

ئەو یارمەتیە لەنێوان 2.800 کرۆن تا 3.600 کرۆنی مانگانە دەبێت. بۆ وەرگرتنی ئەو یارمەتیە دەبێت بە لایەنی کەم 5 ساڵ مافی نیشتەجێبوونت هەبووبێت لە دانمارک.

ئەگەر لەنێوان دانمارک و وڵاتەکەی خۆت پەیماننامەی تایبەت هەبیت، ئەوا دەتوانی مافی خانەنشینی دانمارکی لەوڵاتی خۆت وەرگریت.

## مافی پاشگەزبوونەوە لە بڕیاری گەڕانەوە

**پەناهەندەکان** مافی پاشگەزبوونەوەیان هەیە لە بڕیاری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە و دەتوانن لەماوەی ساڵێک لە بەرواری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە دووبارە بگەڕێنەوە بۆ دانمارک و هەمان مافی نیشتەجێبوون وەرگرنەوە لە دانمارک، بەڵام پێویستە هەموو یارمەتیەکان بیگەڕێننەوە کە لەکاتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە وەریانگرتووە.

**کۆچبەرەکان** مافی پاشگەزبوونەیان نیە لە بڕیاری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە. بۆیە بڕیاری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بڕیاری یەکجاریەو واتای هازهێنانە لە هەموو مافێک لەدانمارک.

**خاوەن دوو ڕەگەزنامە** پێویستە بەر لە گەڕانەوەیان بۆ وڵات بەشێوەیەکی کاتی واز لە ڕەگەزنامەی دانمارکی بهێنن. بۆماوەی دووساڵ دەتوانن پاشگەزببنەوە لە بڕیاری گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بەڵام لە ئەگەری پاشگەزبوونەوە پێویستە هەموو یارمەتیەکان بگەڕێننەوە.

## ئەگەر حەز دەکەی زانیاری زیاتر وەرگری

ئەگەر بیر لە گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە دەکەیتەوە ئەوا دەتوانی فۆرمی زانیاری پڕکەیتەوە کە لە ماڵپەڕەکەمان دەستت دەکەوێت و بۆمانی بنێری. لەڕێگەی چاوپێکەوتنێکی تایبەت دەتوانین هەموو مافەکانت بۆ ڕوون بکەینەوە بۆ ئەوەی بڕیاری دروست بدەی تایبەت بە مەسەلەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە، هەروەها باسی چۆنیەتی وەرگرتنی ئەو یارمەتیانە دەکەین کە لەکاتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە وەری دەگری. دەتوانین وەرگێرت بۆ دابین بکەین ئەگەر پێوەیستت پێی هەبێت. ئامانجامان پێدانی زانیاری و ڕێنمایی دروستە تاکو بتوانی بڕیاری دروست بدەی دەربارەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە.